# فەرهەنگ و لێکسیکۆگرافیای گشتی و فەرهەنگی  زمانی کوردی

پ.ی.د.صباح موسا علی
زانکۆی کەرکوک – کۆلێژی پەروەردە

**کورتەی باس** :
لیکسیکۆگرافیا وشەیەکی بێگانەیە بە واتای (فەرهەنگ)نووسی ـ فەرهەنگسازی یان قامووس دێت ، هەر لە گەڵ سەرهەڵدانی نووسین یان وێنەکردنی دەربرێنی  پروسە و چالاکی ڕۆژانەی مرۆڤایەتی هاتۆتە کایەوە و رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پارازتن و ئەرشەفەکردنی تۆمارگەی داهێنان و دەسکەوتی کاروانی ژیانی مرۆڤایەتی .
لێکسیکوگرافیاو فەرهەنگ یەشێکی گرنگ و پر بایەخە لە بابەتی لێکسیکۆلۆژی ، چونکە لێکسیکۆگرافیا باس لە بابەتی لیکسم و یەکەکانی دەکات ، بۆیە دەچێتە خانەی لێکسکۆلۆژی و زانا وزمانەوان و توێژەرەکان لە سەردەم و رۆژگاری هیندو چینییەکانەوە  پێش هەزارەها ساڵ سەرقاڵی بابەتی فەرهەنگ و کاری فەرهەنگ نووسی بوون و تۆماری کۆنی هیندییەکان و بابەتی کتێبە پیروزەکەی ( رێگا فیدا) بەڵگەنەویستە بۆ کاری فەرهەنگ نووسی .
ئەمرۆش لێکسکۆگرافیا بابەتی جێی سەرنجە و هەنگاوی چاک و باشی برێوە و بووەتە زانستێکی سەربەخۆ و دام و دەزگای مەزنی بۆ دانراوە و بە هەزارەها کارمەند و پسپور لەو دەزگاو ئەکادیمییە زانستییانە کاردەکەن و رۆژانە  وشەی نوێیاو تازە دێننە ناو فەرهەنگی زمانەوە.
لێکسکۆگرافیا گرنگی و بایەخ بە دروست کردنی فەرهەنگ ، لە رووی جۆر و پێکهاتە و رێگاکانی ئامادەکردنی دەدات و لقێکە لە زمانەوانی و بایەخ دەداتە لێکۆڵینەوە تاکە وشەکان و شیتەڵ کردنیان و لە واتای وشەکان بکۆڵێتەوە و پول پول بکرێن.
مێژووی لێکسکۆگرافیای کوردی کە بەراوورد بکرێت لە گەڵ مێژووی دێرێنی لێکسکۆگرافیای زمانانی دیکەی میللەتان سەرنج دەدەین کە پروسە و کاری فەرهەنگ نووسی لە زمانی کوردی و لە ناو کورددا زۆر دواکەوتووە و ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە لە بواری سیاسەت و


e-ISSN (2522-7130)	p-ISSN (2410-1036)

کۆمەڵایەتی و ماڵوێرانی و راگوازتن و زۆر هۆکاری تر ولە گەڵ ئەمەشدا فەرهەنگ نووسی و کاری لێکسیگرافیا بەو تەمەنە کورت و ئەزموونە کەمەی هەنگاوی باشی ناوە سەرەرای تەمەن کورتەکەی کە خۆی لە چەند سەد ساڵێک دەدات و لێکسکۆگرافیای کوردی گەیشتووتە رادەیەک کە لە ئاستی لێکسکۆگرافیای زمانانی تربێت .
لێکسکۆگرافیا لە رووی قەوارەو چەشن و بابەت و تەوەر و ریزبەندی جۆری زۆرە و لە رووی ئاستی زانستیش رێژەکە جیاوازە و بنەمای زانستی و زمانەوانی جودایەو و گرنگ لە کاری لێکسیکۆگرافیا و فەرهەنگ دانان پشت بە دوو کار دەبەستێت و یەکەمیان رێکخستن و ریزبەندی و دووەمیان زانیاری و زانستی و کەڵەک کردنی واتا و لبێکدانەوەی واتا و مانای یەکەکانی زمان.
سەر باسێک :
زاراوەی (فەرهەنگنووسی) لە دوو وشە رۆنان بووە و یەکەمیان فەرهەنگ واتا بەسەرکردنەوەو رۆشنبیری وکەڵچەر و دووەمیان نووسین واتا نووسینەوەی بەرهەمێک یان بابەتێک ،بەشێک لە زمانەوانان پێی دەڵین (فەرهنگسازی)، سازی واتای زانست دەگەیەنێت بەشێک وای بۆ دەچن کە لێکسکۆگرافیا هەر لێکسکۆلۆژییە ، لێکسێک بە مانای وشە فەرهەنگییەکانی زمان دێت،بە وردی ( لیکسیکۆگرافیا ) بەشێکە لە زانستی زمان و لە وشەکان دەکۆڵنەوە و بابەتێکی زمانەوانییەو توێژینەوەیە لە لێکسیم و یەکەکانی زماندا ، گەر سەرنج بدینە ئەو باسانەی سەرەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە (لێکسکۆگرافیا) هەموو ئاست و لێڤڵەکانی زمان پێکەوە گرێ دەدات ، چونکە وشە لە دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و سیناکس بە یەکەوە دەبەستێتەوە ، بۆیە پێویستە ئەوە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە دەبێت شارەزاییەکی باش و چاک و تەواوی سەبارەت بە ئێتیمۆلۆژی و مێژووی زمانی دیاریکراو و لایەنی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سەردەم و رۆژگار ی بەکارهێنانی وشەکانی زمان هەبێت.
لەم باسەدا رۆشنایی دەخرێتە سەر مێژووی لێکسیکۆگرافیا لە لای هیندییەکان و چینییەکان و پاشان شۆر دەبێتە خوارەوەبۆ مێژووی لێکسکۆگرافیای زمانی کوردی و پاشان لە بەشێکی تری باسەکە باس لە جۆرەکانی لێکسیکۆگرافیا لە رووی جۆر و قەوارەو چەشن و لە بەشێکی دیکەی باسەکە ئاور لە لێکسکۆگرافیای زمانی کوردی و هەوڵ و تەقەلالای پێووان بۆ سەرهەڵدانی فەرهەنگ نووسی و گەشەکردنی بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی رابردوو و چی بەرهەمێک هاتۆتە بەرهەم و پاشان بیبلۆگرافیایەکی بەشێک لە ئەو فەرهەنگانەی لە زمانی کوردی دانراون لە (نەوبەهارا) شاعیری مەزنو کوردپەروەری کورد ( ئەحمەدی خانی) تا ئەم چەند ساڵەی رابردوو.
کاری دانان و ئامادەکردنی لێکسیکۆگرافیا کارێکی هەروا ئاسان و سووک نییە کە تاکە کەسێک بە پشبەستن بە توانای زانستی و رۆشنبیری و ئەدەبی خۆی بتوانێت سەرقاڵی دانانی فەرهەنگ بێت ،دەسەڵات و کۆنترۆڵی وشەو دەستەواژەووشەی زاراوە جیاجیاکانی زمان بکات ، هەر بۆیەلە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەرکی دانان و سازدانی فەرهەنگ دەخەنە ئەستۆی کۆرێک یان


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەکادیمیایەکی زانستی خاوەن ئەزموون و توانای زانستی و مادیو ژمارەیەک کارمەندو پسپور و شارەزا لە بواری زمان و زمانەوانی بەشداری لەو پروسەیە بکەن و سالآنە ئەو کارمەندانە خەریکی ئەبدێت و نۆژەنکردنەوەی بەردەوامی بن لە گەڵ پێشکەوتن و گەشەسەندنی زمان .

ئەم باسە لە سێ بەشی سەرەکی و چەند تەوەرێک و لە بەشی یەکەم سەبارەت بە چەمک و پێناسەی فەرهەنگ و لێکسکۆگرافیاو ئەم زاراوایە لە چی سەرچاوەی گرتووەو لە بەشی دووەم ئاور لە جۆرو بابەتەکانی فەرهەنگ و جۆر و بابەت و قەوارەو چەشن و چۆنیەتی دارشتنی دەدرێتەوە و بەشی سێیەمیش تەرخان کراوە بو رۆشنایی خستنە سەر مێژووی فەرهەنگ و لێکسیکۆگرافیا و ئەنجا باسێکی تێروتەسەل دەربارەی مێژووی فەرهەنگی کوردی لە سەرەتا تا چەند ساڵیکی ئەم دواییە بە پێی زانیاری و داتاکان و باسەک بە ئەنجام و لیستی قبەشێکی زۆری فەرهەنگەکان و سەرچاوەو پەراوێزی کتێبەکان .

سنووری باسەکە:

ئەم باسە بە ناونیشانی فەرهەنگ و لیکسیکۆگرافیا و مێژووی لە زمانی کوردیدا،تایبەتە بە شرۆفەولێکدانەوە لە گشت لایەن و شەقلەکانی وئەنجا باسی مێژووی فەرهەنگی کوردی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا سالی ٢٠١٢زایینی.

## بەشی یەکەم : چەمك و پێناسەی لێکسیکۆگرافیا و فەرهەنگ:

### تەوەری یەکەم: چەمکی لێکسیکۆگرافیا:

فەرهەنگ ئەو تۆمارکراوەیە یان ئەو کتێب و پەرتووکەیە ، کە وشەی تێدا تۆمارکراوە، وشەکان بە ریزبوون و رێکخستنی ئەلفوبێی تۆمارکراون یان نۆت کراون ، کە دەوترێت تۆمارکراوەیە چونکە لە م سەردەمە فەرهەنگ چووەتە ناو بواری ئینتەرنێت و گۆگلەوە .

سەرەرای ریزکردن و رێکخستنی یەکە و لێکسیمەکانی زمان ، لە واتا و مانا وشەکان کۆلراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و روون کراوەتەوە شیکراوەو زووز زانیاری و داتاو زانست سەبارەت بە وشەکان و چۆنیەتی نووسین و دەربرین و سەرهەڵدان و پەیدابوون و ئەرک وپێگەی وشەکان لە ناو زماندا کراوە (**ئەورەحمانی حاجی مارف١٩٧٥:٦٩**).

لێکسیکۆگرافیا لە دوو پارچە پێکهاتووە و یەکەمیان ( لیکسێک) واتا ۆشە فەرهەنگییەکانی زمان و ( گرافیا) واتا نووسینەوە و ئەرشیف کردن و پارازتنی یەکەکانی زمان لە تۆی کتێب و پەرتووکێک ، وەک (بیبلۆگرافیا ، تۆبۆگرافیا)بۆ ئەوی نەوە پاش نەوە ئاگاداری گۆرانکاری زمان و گەشەسەندنی و ئەو قۆناخە سەخت و دژوارانەی بە سەر وشەکانی زماندا هاتووە.

لە بەرانبەر وشەی فەرهەنگ زاراوەی لێکسیکۆگرافیا( Lecikographya ) هەیە ،کە گرنگی وبایەخ بە ئامادەکردنی فەرهەنگ دەدات لە ڕووی جۆر و پێکهاتەو رێبازو رێگاو ئامادەکاری، وشەیەکی یۆنانی کۆنە و لە ]دوو بەش پێکهاتووە یەکەمیان ( leciko ) واتای وشەکانی زمان و دووەمیان ( Graphic) واتا تۆمار یان تۆمارگە یان تۆمارکراوبە واتای دیکە شوێنی تۆماری وشەکانی زمان.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

( لێکسیکۆگرافیا) تایبەتە بە ئامادەکردن و سازدانی فەرهەنگ ، بۆیە باشتر وایە بە ( فەرهەنگ سازی) یان ( فەرهەنگ نووسین) یان( لیکسیکاڵ) ناوببرێت ،فەرهەنگ گەنجینەی زمانە و تەرخان کراوە بۆ ریزکردن و پۆل پۆل کردنی وشەو زاراوەی زمان بە شێوەیەکی رێکو پێک ،سەرەای شرۆڤەیەکی تەواو و تۆکمە و مانای پڕ بە پیستی تەواوی وشەکانی زمان و شێوەی بەکارهێنان و دەربڕین و بەدەماهاتن و روون کردنەوی تەواو بە وشانەی لێڵ و نامۆن لە زماندا.

هەروەها زاراوەی (فەرهەنگ سازی) بەکادەهێنرێت ، فەرهەنگ سازی لە دوو وشەپێکهاتووە، وشەی(فەرهەنگ) و وشەی(سازی) واتا زانست دەگەیەنێت ،جگە لە زاراوەی ( فەرهەنگ سازی) ، وشەی (لیکسیکۆلۆژی) یش بەکاردەهینرێت، وشەی ( فەرهەنگ نووسی) ش بۆ بەکارهاتووە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە زمانی کوردی بەکاردەهێنرێ زاراوەی( فەرهەنگ نووسی)یە.

بەم شێوەیەش دەتوانین پێناسەی بکەین ، فەرهەنگ سازی بە واتای ئامادەکردن و نووسینەوەی وشە نامە دێت(**عەبدوالواحید موشیر دزەیی: ١١٢:٢٠١٤**).

هەر نەتەوەیەک چەند فەرهەنگی زۆر بێت زمانەکەی زیاتر دەوڵەمەند دەبێت و گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەروات، یەکێکی تر دەڵێت : فەرهەنگ نووسی لێکۆڵینەوەیە لە یەکەکانی زمان لە رووی لایەنەکانی دەنگسازی و رستەسازی و واتاسازی ومێژوویی و دارِستنەوەی(**نەریمان خۆشناو(٢٠١٦:٨٣**).

کاری فەرهەنگ و ئامادەکردنی فەرهەنگ هەروا ئاسان و سووک نییە ، وەک هەندێک تەماشای دەکەن یان دەروانە ئەم کارە، بەڵکو ئەرک و کارێکی قورس و گرانە :کاری فەرهەنگ سازی قورسترین کاری زمانەوانی دادەنرێت لە نێوان زانست و هونەردا ماوەتەوە، دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی فەرهەنگ سازی بکەین : فەرهەنگ سازی بریتییە لە کۆکردنەوەی داتا زانیارییەکان و واتا و هەڵبژاردن و ریزکردنی کەرەستەکان بە شێوەیەکی رێکوپێک و پۆلینکردنی بە پێی یاساو ئەنجا نووسینەوە وبڵاوکردنەوەی(**محمد مەحوی(٢٠٠١:١٤٤**).

**تەوەری دووەم : پێناسەی لێکسکۆگرافیا(فەرهەنگ):**

زۆر پێناسەی بۆ کراوەو پێکهاتووە لە کۆکردنەوەی لیکسمەکانی زمانێکی تایبەت لە پەرتووکێک بە پێی ئەلفوبێی زمانەکەو خستنە رووی زانیاری تەواو لە رووی شێواز و دەربڕین و مۆرفۆلۆژی و مانا و بەکاهێنانەکانی لە چوارچێوەی زماندا.

فەرهەنگ نووسی ئەو کتێبەیە ، کە زۆرترین ژمارەی یەکەکانی زمانی تێدایە ، لە گەل شرۆڤەو لێکدانەوەی واتاکانی ، سەرەرای چۆنیەتی دەربرین و ئاخاوتن و ئێتیمۆلۆژی وشەکانی زمان.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فەرهەنگسازی سەرچاوەیەکە بۆ تۆمارکردنی وشەکانی زمان و پارازتنی لە نەمان و فەوتان و لەناوچوون وەک گەنجینەیەکی بە نرخی زمان ئەژماردەکرێت و جێی بایەخ و گرنگە(**ڕۆژان نووری عەبدوڵڵا:(٢٠١٣:٢٩٤)**.

د. ئەورەحمانی حاجی مارف یەکێکە لەو زمانەوانە کوردانەی کە لە ساڵانی حەفتاکان ئاوری لەملەم بابەتە داوەتەوە و دەڵێت ((فەرهەنگ ئەو کتێبەیە کە وشەی تێدا تۆمار کراوە ، جگە لە ریزکردنی وشە لێی کوڵراوەتەوەو واتای روون کراوەتەوە و لێکدراوەتەوەو شیکراوەتەوەو زانیاری دەربارەی چۆنیەتی نووسینیان و درکاندنیان و پەیدابوونیان دراوە))(**عەبدولواحید موشیر دزەیی٢٠٠٨:١١٢**).

((فەرهەنگ سەرچاوەیەکی زمانییە کە دەروازەو شرۆڤەی تێدایەو لەوانەیە مێژوویی یان وەسفی یان پێوانەیی بێت))(**محمد بن مكرم الافريقي(:١٩٨٤:١٧:**).

لە زمانی عەرەبیدا وشەی(قاموس، معجم)بەکاردێت زبۆ ئینیسکلۆپیدیا زاراوەی(موسوعە) بەکاردەهێنن، واتای ( معجم) لە عەرەبیدا ((لابردنی لێڵ و تەمومژاوی یەکەکانی زمان روڵ و ڕێگای دەربڕین و باشکردن و جوان کردن و پوختەکردنی نووسین))(**محمد بن مكرم الافريقي:١٩٨٤:٤٧**).

لە رووی زاراوەکە بەو کتێب و پەرتووکە دەوترێت ، ((کە بە ریزبەندی وشەکانی زمان لە ئامێز دەگرێت و بەرانبەریش واتا و هاوواتای وشەکان روون دەکرێنەوە و ئێتیمۆلۆژییەکەشی دەستنیشان دەکرێت))(**احمد محمد المعتوق١٩٩٢:١٨:**).

وشەی ( قاموس) لە زمانی عەرەبیدا بەکارهاتووەو زۆر واتای لێبووەتەوە و وەک (دەریای مەزن) یان (ناوەڕاستی دەریا) یان( قوولترین ناوچەی دەریا) ، هەرچۆن محمد کۆری فەیوز ئابادی زاراوەی ( قاموس المحیگ) ی بەکارهێناوە ، وەک ئاماژەیەک بۆ فراوانی و گەورەیی فەرهەنگ.

((الموسوعە) ش بەرانبەر ( ئێنیسکلۆپیدیا-encyپێی دەوترێت ( clopedia)یان هەندێ جار پێی دەوترێت (دائرە المعارف) بە واتای فراوانی ناوەرۆک و ئەرک و ریزبەندی دەروازە و بابەتەکان))(**حۆسین نەسسار:١٩٨٦:١٣٢:**).

فەرهەنگ گرنگی و بایەخ بە ناوی کەسان و ناوداران و ناوی شوێن و شارو رووبارو چیا و دەریاو رووداوەکانی جیهان نادات ، بەڵکو گرنگی بە واتاو لێکدانەوەی واتای وشەکانی زمان دەدات.

سەرەرای ئەمەش هەر کەسێک دەتوانێت لە هزرو میشکی کۆمەڵێک یان ژمارەیەک وشە بپارێزێت ، بەڵام ئەمانە رۆ ژلە پاش رۆژ بەشێکیان لە یاد دەچن و لە بیر دەچنەوە ، بۆیە فەرهەنگک وەبیرهێنانەوەی وشەکانە، سەرەڕای ئەوەی مرۆ ڤلە توانایدا نییە ، چەند ژیر و زیرەک و هۆشمەند بێت ، بتوانێ سەرجەم وشەکانی زمان لای خۆی بپارێزێت ، ((فەرهەنگ گەنجینەی وشەکانی زمانە بۆ پارازتن و لەناونەچوونی یەکەکانی زمان))(**خالد جميل محمد:٢٠٠٨:١١**).

لە زمـانی فارسـیدا فەرهەنـگ کۆمەڵێـک واتـا و دەلالەت دەداتە دەسـتەوە و بە زۆر واتـای جیاواز دێت وەکوو ((ویژە و ئەدەب ، پەروەردە، زانست ،ژمـارەیەک ئەدەبیات و وێنە،موعجەم، رۆشـنبیری، کۆمەڵگـا )، فەرهەنگسـتان بە واتـای یـانەی ئەدەبی و رۆشـنبیری لە زمـانی فارسـی دێت))(**علی محمد القاسمی:٩:١٩٧٥**).

واتا دانانی فەرهەنگ پشت بە دوو کۆڵەگە دەبەسـتێت ، یەکەم ریزبەنـدی و رێکخسـتن و دووەم پێناسەو شرۆڤەکاری یەکەکانی زمانی دیاریکراو.

مەبەست لە (لیکسـیکۆگرافیا)(( ئامـادەکردنی فەرهەنـگ وشـێکاری زمـانەوانی واتـا دوو ئاسـت دەگـرێتەوە یەکەم ئاسـت ئاسـتی تیـۆری کە پێـی دەوترێـت فەرهەنـگ سـازی ودووەم ئاسـت توێژینەوەی زانستی یەکەکانی زمان و شێکاری ئەو یەکانە لە رووی مۆرفۆلۆژی و واتاسازی ، واتا لێکدانەوەی رۆنان و پێکهاتەی یەکەکان و لایەنی مانـای کە زلنسـتی سیمانتیک  ))(٧)،    بە کورتی دەتوانرێت پێناسـەی گشـتگیری لیکسـکۆگرافیا بکرێـت،کە((پەرتووکێکە وشـەکانی زمـانی تـایبەت لە خۆدەگرێت و بە شـێوەی ئەلـفـۆبێی ئەو زمـانە رێکخـراوە ماناکـانی روونکراوەتەوە شـرۆڤەکراوەو زانیـاری سـەبارەت دەربـرین و بە دەماهـاتن و ئێتیمۆلـۆژی و لێکـدانەوەی بـۆ کراون))(**امیل بدیع یعقوب:٩:٢٠١١**).

لە کارە فەرهەنگ سازی دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

أ- کۆکردنەوە وشەو یەکەکانی زمان

ب ـ ئامادەکردنی زانیاری پێویست سەبارەت بە وشەکانی زمان

پ ـ رێکخستنی لیکسیمەکانی زمـان بە پێی ئەلفـۆبێی  زمـانی دیـاریکراو یـان بە پێی بـابەت یـان دەروازە.

ج-ـ کۆکردنەوەی وشەکان وهەر یەکێک بە پێی بابەتی خۆی.

چ ــچاپکردن و بڵاوکـردنەوەی بە شـێوەی کتێـب ، یـان لە رێگـای ئێنتەرنێـت و هۆیەکـانی راگەیاندن.

## بەشی دووەم : جۆر وبەش و بابەتەکانی لێکسیکۆگرافیا:

### تەوەری یەکەم: جۆرەکانی فەرهەنگ:

بە پێـی پـول پـول کردنـی فەرهەنـگ نووسـی ،فەرهەنـگ جـۆری زۆرە و لێـرەدا پـوختەکەی دەخرێتە روو:

**یەکەم: فەرهەنگی زمان:**

ئەو جۆرەیە کە مانای وشـەکانی لێکدراوەتەوە لە زمـانێکی دیـاریکراو ، بە جۆرێـک خـراوە، کە خوێنەر لە کاتی بەسەرکردنەوە و گەڕان بە دوای بابەت بە ئاسانی دەستی دەچێتە سەری.

مەبسـت فەرهەنگی تـاک زمـان واتـا وشـە هاوواتاکـانی زمـانێکی دیـاریکراو وەک فەرهەنگی کوردی- کوردی، عەرەبی – عەرەبی..هتد.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**دووەم: فەرهەنگی وەرگێڕان:**

پێی دەوترێت فەرهەنگی دوو زمان ، ئەو جۆرەیە کە وشەکانی زمانێک لە گەڵ وشەی زمانێکی بێگانە لێک دەداتەوەو واتای روون کراوەتەوە و ئەمەش بە کۆنترین فەرهەنگ لە قەلەم دەدرێت ،گوایە سامییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز بەکاریان هێناوە.

فەرهەنگی جووتە زمان واتا وشە بەرانبەر یەکتر لە دوو زمانی جیاواز دەخاتە روو ، دەشێت پێچەوانەکەشە دروستە، وەک فەرهەنگی کوردی- عەرەبی یان عەرەبی کوردی...هتد.

**سێیەم: فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی:**

ئێتیمۆلۆژی زاراوەیەکە لە بواری زماندا بەکاردێت، زانستێکە لە رەگەزو بنچینەی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، لە هەمان کاتدا لەو گۆران و پێشکەوتنانە دەکۆڵێتەوە ، کە بە درێژایی مێژوو بە سەر خودی وشەکانەوە هاتوون،بەو واتایەی ئەو بەشەیە لە زانستی وشە کە لە پەیدابوون و وەرگرتن و گەشەکردنی وشە و ئەو دەورانەی پێی تێپەرێوە دەدوێ .

ئەم جۆرە لە وشە دەکۆڵێتەوە بە واتای ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە جۆری وشە دەدرێ،مانا و واتای لێک دەدرێتەوە و حاڵەتی رێزمانی دەنووسرێ و سەرچاوەی پەیدابوونی نیشان دەدرێت و چۆنیەتی بەکارهێنانی و دەوری لە رستەدا بەیان دەکرێت.

ئەو فەرهەنگەیە کە لە رەگەز و بنج و ریشەو سەرچاوەی یەکەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، ئایا ئەو وشەیە رەگەزی کوردییە ، فارسییە، عەرەبییە، یان هەر زمانێکی تر، لەوانەشە وشەکە رەسەنی زمانی ناوبراو نەبێت ، لێرەدا ئاشکرادەکرێت ، کە وشەکە خۆماڵی نییە ، بەڵکو بێگانەیە و سەر بە زمانێکی تایبەت، وەک ئەو وشە تورکییانەی دزەیان کردۆتە ناو زمانی کوردی و چۆن هاتووەو واتاکەی لە دەست نەداوە ، یان واتاکەی گۆراوەو دەستکاری کراوە ، یان لەناو زمانەکە تواوەتەوە.

بۆ نموون فەرهەنگی ( ئوکسفوردی قوتابیان) ی دیار ئەحمەد ، کە زۆر بە جوانی وشەکانی ناو فەرهەنگەکە لێکدراوەتەوە.

**چوارەم: فەرهەنگی گەشە کاری(مێژوویی):**

لە یەکەو لیکسیمانەی زمان دەدوێت ، کە گەشەی کردووەو گۆرانی بەسەردا هاتووە بە درێژایی کات و رۆژگار ، ئەو پێشکەوتنە چییە وگۆرانەکان چۆنن.

**پێنجەم: فەرهەنگی پسپورو تایبەت:**

ئەو فەرهەنگەیە تایبەت بە بوارێکی دەستنیشانکراو یان زانستێک ، شەقلێک، وەک فەرهەنگی تایبەت بە کشتوکاڵی و چاندن،ئەم فەرهەنگە تەنیا ئەو وشانە دەگرێتە خۆ کە لە بواری چاندن و کشتوکاڵی و مەرداری و ژیانی گوند و کەرەستەو ئامێرەکانی بەکارهێنراو لەو بوارەدا، فەرهەنگی بازرگانی، فەرهەنگی پزیشکی،فەرهەنگی ئاو، راگەیاندن، .....هتد.

ئەم جۆرە فەرهەنگە کەڵکی زۆری هەیەو خزمەتی لە رادە بەدەر پێشکەش دەکات ، وەک فەرهەنگی پزیشکی کە تایبەتە بە بواری ساخلەمی و تەندروستی ونەشتەرگەری.

**شەشەم: فەرهەنگی وێنەدار:**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

حاشـا هەڵنەگـرە وێـنە وەک یەکێـک لە هۆیەکـانی روون کـرنەوە، یارمەتیمـان دەدات ، بـۆ ئاسانی و تێگەیشتی واتای یەکەکانی زمان، هەر بابەتێک وێنەی تایبەتی بەو بابەتەی لەگەلدایەو ((ئەم جۆرە فەرهەنگە یەکەم جار لە سەر دەستی زماننـاسی ئەڵمانی(دودن) ئامادەکرا، کاتێک لە گەڵ دانـانی فەرهەنـگەکە ، وێـنەی دانـابوو، وەک وێـنەی ناومـاڵ، ئەنـدامانی جەسـتەی مـرۆڤ ،باڵندە))(**أميل بديع يعقوب:١١:٢٠١١**).

لەم جۆرە فەرهەنگـانە ئەو وشـە بەرجەسـتانە کە پابەنـدی بـابەتێکی دیـاریکراون لە رێگـای وێـنەیەک روون دەکـرێتەوە، دواتـر ژمـارە دەدرێـتە هەر بەشـێکی وردی وێـنەکە، وشـەی گونجـاویش لە بەرانـبەر ژمـارەی هەر بەشـێکی وێنەکـان دادەنرێـت، بیـرۆکەی ئەم کـارە بـۆ زماننـاسـی ئەڵمـانی (دودن) دەگەرێتەوە، دوای ئەوەی تێبینـی کـرد ، کە زۆربەی وشـە نامۆکـان بەرجەستەن، نەک واتایی، بۆ ئەو مەبەستە فەرهەنگێکی وێنەیی دانا.

بۆ نموونە فەرهەنگی(وێنەداری گیانداران) ی کەمال جەلال غەریب ، فەرهەنگی( ئۆکسـفورد) فەرهەنگێکی وێنەدارییە و بەم دواییە چاپی کوردی کەوتە بازارەوە.

تەوەری دووەم : جۆری فەرهەنگ لە رووی ئەندازەو قەوارە:

ئەمەش ئەندازەو و قەوارەی زۆری هەیە، وەکوو:

**یەک : فەرهەنگی مۆبایل و لاپ تۆپ و ئینتەرنێت:**

ئەمەش تازە، لەم چەند ساڵەی دوایی هاتە مەیدان بە هۆی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیـــــــــا، چووەتە ناو مۆبایل ولاپ تۆپ و ئەمەش زۆر ئاسانکاری بۆ خوێنەر کردووەو یەکسـەر لە ڕێی مۆبایلەوە ، هەرچی وشەیەک ،دەستبەجی ماناکەو واتاکەی پێشکەشت دەکات ،بێ هیچ هەوڵێکی گەڕان لە کتێب و پەرتووک.

**دوو: فەرهەنگی بەر باخڵ:**

جۆرێکە لەو فەرهەنگانەی بجووکەو ودەخرێتە گیرفان و باخل، ئەندازەی ئەوەندە بجووکە دەتوانرێت بخرێتە ناو گیرفانی کراس و چاکەتەوە، بۆیە پێی دەوترێ فەرهەنگی گیرفـان و بەر باخڵ، لە روویەکەوە ئەو جۆرە فەرهەنگانە ئاسان و سووکە هەڵگرتنی لە شوێنێک بۆ شـوێنێکی تر بوئەوەی بە ئاسـانی بۆ هەمـوو جێگایەک بگوازرێتەوە،بەڵام لە رووی سـوود و کەڵکەوە ، ئەوا سـوودو ئەنـدازەی وشـەکانی کەمەو سـنووردار دەبێت ، لەبەر ئەوەی زۆربەی وشـەکانی زمان لە خۆ ناگرێت.وەکوو فەرهەنگی ئوکسفورد ، فەرهەنگی ژیر.

**سێ: فەرهەنگی بجووک:**

ئەمەش تا رادەیەک لە فەرهەنگی بەرباخڵ و گیرفان گەورەترە و بۆ قوتابیانی قوتابخـانەو ناوەندی بەکاردەهینرێت و ژمارەی وشەکانی کەمە و سنووری تەسکە.

چوار: فەرهەنگی ناوەنجی( مام ناوەند):

ئەم جۆرە قەوارەو ژمارەی وشە و یەکەکانی باشـە و تـا رادەیەک زۆربەی وشـەکانی زمـان دادەپۆشێت وبایەخی زۆرە و تا رادەیەک باوە ، چونکە نە زۆر بجووکەو نە زۆر گەورەیە و بۆ کاری دۆزینەوەی وشە و زانینی واتاکان باشە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پێنج: فەرهەنگی گەورەو مەزن:**

ئەمەش زۆر گەورەیە و سەرجەم گشت وشەکانی زمانێکی دیاریخراو دادەپۆشێت و زۆر گرنگە و هەندێک جار بە یەک کتێب تەواو نابێت ، دەبێتە دوو بەرگ یان زیاتر، تێبینی ئەوە دەکرێت هەڵگرتن و گواستنەوەی نەختێک ئاستەنگە .

**تەوەری سێیەم :لە رووی زمان و دیالێکت و زاراوە:**

لەم رووەوە فەرهەنگ و لێکسیکۆگرافیا چەشن و جۆری زۆری هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:

**أـ فەرهەنگی تاک زمان و زارو دیالێکت:**

ئەو جۆرە فەرهەنگانەن ، کە وشەکان و واتاکانی بە یەک زمان و یان زارەکانی زمانێک دیاری دەکات و مانا و واتاکانی روون دەکاتەوەو چۆنیەتی بە دەماهاتنی و دەربڕین ، تەنیا لە زمانێکی دیاریکراو یان دوو دیالیکت و زاری زمانێکی دیاریکراو،وەک فەرهەنگی کوردی-کوردی ( فەرهەنگی خاڵ)، یان فەرهەنگی دوو زار وەکوو فەرهەنگی دیالیکتی بکوور و باشووری زمانی کوردی ( فەرهەنگی مەرگ و ژی)،( فەرهەنگی کوردستان، گیۆ موکریانی ، )،( فەرهەنگی تەقی، جەلال تەقی)،(فەرهەنگی کانی،محمد سالح پیدرۆیی-جگەر سۆز)،(فەرهەنگی هەراشان ، ئەکادیمیای کوردستان)،(فەرهەنگی وشەنامە، جەمال حەبیبوللا-هەورامی-کورمانجی ناوەراست).

**ب ـ فەرهەنگی جووتە زمان:**

ئەم جۆرەش زیاترباوە لە نێو جۆرەکانی فەرهەنگ ، واتا زۆربەی فەرهەنگەکان لە جۆرەن، دوو زمانی جودا و جیاواز ، وەک فەرهەنگی زمانی کوردی- عەرەبی (نەوبەهارا، عەرەبی-کوردی، ئەستێرە گەشە کوردی- عەرەبی) یان بە پێچەوانە وەک عەرەبی-کوردی ( شیرین عەرەبی –کوردی) ، یان فەرهەنگانەی کوردی لە گەڵ زمانی (ئینگلیزی،فەرەنسی، رووسی، تورکی،..هتد)وەکوو( فەرهەنگی ئاری – سابیر گردعازەبانی- کوردی-کوردی-عەرەبی)،( فەرهەنگی Kurdish –english dictionary-تۆفیق وەهبی و سی.ج. ئەدمۆنز)،(فەرهەنگی کوردی – فەرەنسی-ئۆگست ژابا)،(هەردوو فەرهەنگی دەریا و ژێر- رزگار کەریم).

فەرهەنگی لەم جۆرە بە پێی سوود و کەڵک و خزمەتەکەی ، بۆ یەکێکی مەبەستی فێری زمانی عەرەبی بێت و کورد زمان بێت، دەبێت فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە، چونکە پێویستی بە لێکدانەوەی واتای وشە عەرەبییەکان بۆ ئەوەی بزانێت بە کوردی واتای چییە، بۆ عەرەبێک بیەوی فیری زمانی کوردی بێت ، پێویستی بە فەرهەنگی زمانی کوردی عەرەبییەو بەم شێوەیە.

**پ- فەرهەنگی فرەزمان:**

ئەم جۆرە فەرهەنگانە، تا رادەیەک بە کەڵک و بەسوودە، ئەمەش بریتییە لە فەرهەنگی سێ زمان و زیاتر وەکووفەرهەنگی کوردی-عەرەبی- ئینگلیزی یان فەرهەنگی چوار و پێنج زمان ، ئەوەی جێی سەرن و رەخنەیە ، کە ئەم جۆرە فەرهەنگانە تۆکمەوزانستی نابن چونکە چەند


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ماندووبوونی پێوە دیاربێت، بەڵام ئاستەنگە کۆنترۆڵی ئەو زمانە جۆربەجۆرانە بکرێت ، وەک فەرهەنگی پێنج زمان( کۆڵکە زێرینەکوردی- عەرەبی- فارسی-ئینگلیزی- فەرەنسی).

**تەوەری سێیەم :گرنگی و بایەخی لێکسیکۆگرافیا( فەرهەنگ نووسی):**

دانان و بوون و داهێنانی کارو بەرهەمی نوێ و دانانی خشتێکی تر لە سەر هەر بابەتێکی زانستی و هونەری و ئەدەبی ، بایەخ وگرنگی خۆی هەیە و کەلینێک لە بوارە شەقلێک پڕدەکاتەوە، کە ئەمەش سوود بەخشە بۆ ڕێبازی خزمەتی مرۆڤایەتی و پێشکەوتندا.

فەرهەنگ تەنیا سوودوکەڵکی بۆ خوێندەوارو رۆشنبیرو زمانەوان نییە، بەڵکو زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک و میللەت پێویستیان بە فەرهەنگ هەیە و سوودی باشی لێ دەبینن، چ لە ڕێگای کتێب و سەرچاوەکان بێت ، چ لە ڕێگای کەسانی شارەزاو خاوەن ئەزموون وشارەزاو پسپور بێت.

فەرهەنگ و لێکسکۆگرافیا گرنگی لەم خاڵانە زیاتر روون دەبێتەوە:

•ـ پاراستنی وشەو لیکسیمەکانی زمان لە مەترسی لەناوچوون و فەوتان و تیاچوون بە درێژایی مێژووو رۆژگار ،کە زمان لەو ماوە دووررودرێژەدا دوچاری هەوراز و نشێوی دەبێت و بەو هۆیەوە لەوانەیە ژمارەیەک وشەی زمان تیابچێت ، یان بە هۆی پێشکەوتن وگەشەسەندن و زانست و تەکنەلۆژیا ، ژمارەیەکی بەرچاو لە یەکەو لیکسیمەکانی زمان بەرەو لاوازی ولەناوچوون برۆن و گلۆڵەیان بەرەو لێژی بروات و لە سەر زاری خەڵکی نامێنێت ، فەرهەنگ گەنجینەی پارازتنی سەرجەم لیکسیم و وشەکانی زمان.

•ـ روون کردنەوەو شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی واتا و مانا یەکەکانی زمان،کە زۆر وشەی زمان مانایان لێڵ و تەمومژاوی و روون نییە ، یان کۆمەڵێک واتای جیاوازی هەیە لە بەکارهێنان و جیاوازی ماناکانی لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر، ئەنجا ئەرکی فەرهەنگ ، روون کردنەوەو لێکدانەوەی زاتا و ماناکانی .

•ـ لەگەڵ گەشەسەندنی رەرەوەی ژیان و رۆژگارو قێشکەوتن و نەشونماکردنی کۆمەڵگا ، پێویست دەکات فەرهەنگ بەردەوام ئەبدێتو نۆژەن و تازە بکرێ ، بۆ ئەوەی لە گەل سەردەم و رۆژگاردا هەنگاو بنێت شان بە شانی هاتنی وشەی نویچباو بۆ ناو زمان ، فەرهەنگ بەردەوام بەسەر بکرێتەوە و کوموکوری و ناتەواوییەکان پڕ بکرێتەوە.وەکوو فەرهەنگی (المنجد، المنجد فی الاعلام) لە زمانی عەرەبی و ( دائره المعارف البریگانیه-ئێنیسکلۆپیدیای بەریتانیا) لە زمانی ئێنگلیزی زۆری تر.

•ـ فراوان بوونی ئاسۆی زانیاری تاکەکان وزیاتر بوونی گەشەی میشک و هۆشیاری لای تاکەکان سەبارەت بە ناسینەوەی ئێتیمۆلۆژی یەکەو لیکسیمەکان و سەرچاوەو رەگەز و ریشەی زمان، ئایا ئەو وشانەی زمان پێگەو ئەرکیان لە ناو زمان چییە وچۆنە ، وشەکان خۆماڵی و وشەی رەسەن و پەتی زمانەکەن، یان هاوردەو بێگانەن ، سەرچاوەیان لە چییەوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەرگرتووە و ، ڕێگاو ڕێبازی هاتنی بۆ ناو زمان، واتا و مانای چییە، چۆن هاتووەو ئایا دەقاودەق یان بە دەستکاری و یان بە توانەوە هاتۆتە ناو زمان.

•ـ ئاشنایەتی و شارەزایی تەواو سەبارەت بە یەکەکانی زمان لە رووی ئەرکی ڕێزمانی هەر یەکەو پێگەو ڕۆلی لە ناو زمان و رەسەنایەتی وشەکان (کۆنە، نوێباوە، لاوازە،ئەکتیڤە) ئایا چەندی گەشەی کردووە و چ وشەیەکی لێ دەرچووە ، بە نموونەوشەی(کورد –کوردستان-کوردستانیان-کوردستانی بوون – کورد پەروەر- کوردایەتی-کوردبوون –کوردەواری- کوردی)،( چاو- چویلکە-چاوەروانی-چاوەری- چاوەنوار-چاوتێژ-چاوباز-چاوجوان-...تاد)

•ـ ڕاست نووین و ڕێنووسی پاک و خاوێن و رەواو بەدەما هاتنی وشەکان، دوورکەوتنە لە پاشاگەردانی ناو ڕێنووسی زمان ، زمان تەنیا ئاخاوتن و دەربڕین نییە، بەڵکو ویتەی دەنگەکانیش ڕۆڵ و پێگەی کەنتر نییە، بۆیە گرنگیدان بەم بوارە پێویستە، بۆ ڕێنووسی یەکگرتوو، ئەمە ئەرکی لیچکسیکۆگرافیایە بۆ راست نووسین و ڕێنووسی یەکگرتووی زمان، فەرهەنگ ڕێنمایی دەخاتە پێش چاو بۆ پەیرەوکردنی راست نووسین ، پیشنیاز بۆ ڕێنووسێکی یەکگرتوو پێشکەش دەکات و لە هەمان کاتدا ڕێنووسێکی جوان و ڕێک رەچاو دەکات ، بۆ ئەوەی هەموو لە سەر ئەو ڕێنووسە برۆن ، لە ڕێنووسی زمانی کوردی هەنگاوی زۆر نراوە ، بەڵام بەکەمی سەری گرتووە.

## بەشی سێیەم : مێژووی لێکسیکۆگرافیا (فەرهەنگسازی):

### تەوەری یەکەم : مێژووی لێکسکۆگرافیای جیهانی:

توێژینەوەو لێکۆڵینەوە و چاوخشاندن لە مێژووی لێکسکۆگرافیا لای زمانانی جیهان ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە مێژووەکە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی نووسین و ئەرشیف و تۆمارکردن و وێنەکردنی بەسەرهاتەکان دەگەڕێتەوە ، کاتێک مرۆڤ و تاکەکان رووداو و بەسەرهاتی وێستگە کرنگ و پڕبایەخی ژیان بە تۆمار و وێنە و داتاشینی بەرد و دیواری ئەشکەوت و تاشە بەردەکان بە وێنە تۆماردەکرد و لەو رۆژگارە وبۆ پارازتنی ئەو رووداوانە پەنایان بردۆتە بەر فەرهەنگ نووسی ، میللەت و نەتەوە خاوەن شارستانییەکان بەگەی زیندووی ئەو بابەتەن.

مێژوو ئەوەمان بۆ دەدەخاونیشان دەدات کە مرۆ ڤلە گەڵ سەرهەڵدانی ژیان و سەرقاڵی زانست و زانیاری و خزمەت بووە ، هەوڵی داوە بەرهەم و خەبات و تەقەللاو چالاکی خۆی تۆماربکات ، سەرەتاش وەک باسمان کرد بە وێنەی سەر تاشە بەرد و گەڵای دار و نووسینی سادەو ساکار دەستی پێکردو زۆر جار لە ڕێگای سومبول و نیشانە و وێنە ئەو کارانەی دەردەبڕێ .

لێکسیکۆگرافیا هەر لە کۆنەوە جێگای بایەخ بوو لای بابلییەکان و ئاشورییەکانو یونانیو هیندی و رۆمانی و زۆر نەتەوەی تر.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فەرهەنگ یان لیکسیکۆگرافیا هەر لە کۆنەوە جێی بایەخ بوول ە لای گەلان و نەتەوەکانی جیهان ، لای بابلی و ئاشوورییەکان و یۆنانی و هیندو چین و رۆمانییەکان، بۆ نموونە ئاشوورییەکان گرنگییان بە زمانە ئەکەدییەکان داوەلە رووی وشەورێزمانەوە .

((ئاشوورییەکان گرنگییان بە زمانە ئەکەدییەکان داوە لە رووی وشەوو رێزمانەو ، ئاشورییەکان بایەخیان بە فەرهەنگسازی داوە و کەوتونەتە پێش عەرەبەکان بە هەزار ساڵ، فەرهەنگەکانیان بە سیستمێکی جیاواز لە عەرەبەکان ئامادەو رێزکردووە، ئاشورییەکان و وشەکانیان ، نووسینی وێنەیی بوول ە سەر تابلۆی قور هەڵکەندبوو، کە لە ساڵی (٦٦٨-٦٢٥پ.ز) پێشکەش بە کتێبخانەی ئاشوور پانیپال کردبوولە نەینەوا ، ئەم فەرهەنگە یەکێکە لە سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاشورییەکان ))(**عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٤:١١٩**).

لە توێژینەوەی زمانەوانیدا سەلمێندراوە کە لە وڵاتی هیندستانی کۆن بۆ یەکەم جار ، چەند سەدەیەک پێش زایین ، لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەدا دەربارەی ئاستە جیاوازەکانی تایبەت بە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی و لێکسیکۆلۆژی و سینتاکسی زمانی (ساسکریتی –زمانی کۆنی مردەی هیندییەکان) کردییان ، دیارە ئەم کارانەش بە هۆی ئەوەبوو کە لەو سەردەمەدا ، خەڵکی ئیتر تێنەگەن لە سرووده ئایینییەکانی( رێگافیدا- کتێبی پیروزی هیندییە کۆنەکان)، کە ئایین وبیرو باوەری ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو کاتەی هیندستان بوو).

((لە سەدەی چوارەمی پ.ز زانا و زمانەوانەوانی بەناوبانگی هیندستانی ( پانینی) ئەم ئەرکە گەورەوگرانەی گرتە ئەستۆ ، بەم کارەی بەردی بناخەی زانستی نەک بۆ هیندییەکان ، بەڵکو بۆ هەموو میللەتانی جیهان دانا ، ( پانینی) لە ڕێزمانەکەیدا لە گەڵ ئەوەی ناوی چەندین زمانەوانی تری پێش خۆی دەبات،بەڵام ئاستی بەرزو مەزنی کارە زمانەوانییەکانی (پانینی) بوون بە هۆی ببێتە دامەزرێنەری راستەقینەو زانستییانەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییکان لە جیهاندا دابنرێت و بەمەش هیندییەکان یەکەم جار ، فەرهەنگیان بۆ ئەو وشانە دانا کە لە (رێگا فیدا) دا هەبوون و خەڵکی لێیان تێنەئەگەیشتن ، ئەم فەرهەنگە ناوی ( نیگخانتە ڤاسی) یە و لە سەدەی ٥–٦ زایینی زاناوزمانەوانی هیندی (ئاوارە) فەرهەنگی سانسکریتی دانا کە تا ئەمرۆ لە لایەن پسپورانی زمانی سانسکریتییەوە لە کاردایە، بەم جۆرە ، هۆکاری سەرەکی کە هاندەر بوو بۆ هیندییەکان تا دەست بدەنە کاری فەرهەنگ نووسی (ئایینی) بووە، ئەوان ویستیان بەم کارانەیان خەڵکی لە سرووده ئایینییەکانی (رێگا فیدا)) تێبگەن و وشەو زاراوە کۆنەکان لە فەوتان و لەناوچوون رزگاربکەن)).(**علی محمد القاسمی:١٩٧٥:٩**).

چینییەکانیش لە سەدەی دووەمی پێش زاییندا فەرهەنگی چینییان داناوە، بەم شێوەیە چینییەکان مێژوویەکی کۆنیان سەبارەت بە فەرهەنگ هەیە، زۆر فەرهەنگییان داناوە.

((چینییەکان سەرەتا فەرهەنگەکانیان بە پێی وێنە و هەندێکی تر بە پێی واتا وشەکانی رێزکراون،دوای ماوەیەکی درێژ فەرهەنگیان بە پێی رێزبەندی دەنگ داناوە، گرنگترین فەرهەنگی چیتی فەرهەنگی( هۆشین)ە، کە ناسراوە بە فەرهەنگی (بشوان) کە مێژووەکەی بۆ (١٥٠پ.ز)دەگەرێتەوە، ساڵی (٥٣٠پ.ز) فەرهەنگێکی چینی تر بڵاوکرایەوە بە ناوی (یۆییان) و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناسراوە بە فەرهەنگی ( کوی وانج) ،یەکەم فەرهەنگی چینی ، کە وشەکانی لە رێگای گۆکردنی دەنگەوە ریزکردبێت فەرهەنگی(هۆفیان)ە،کە لە نێوات سالانی ( ٥٨١ـ-٦٠١ز) بلاوبۆتەوە،

یۆنانیکانیش بە هەمان شێوە فەرهەنگیان هەبووەگرنگترینیان فەرهەنگەکانی(یۆلیۆس بولکس،هیلادیۆس)کە لە سەدەی حەوتەمی زایینی بلابۆتەوە))(**خالد جمیل محمد:٢٠٠٨:٥٧**).

عەرەبەکانیش لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە و سەرقالی دانانی فەرهەنگ بوونە، بە تایبەتی پاش بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و تەواو بوونی فتووحاتی ئیسلامیدا، لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا ( خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهیدی) یەکەم فەرهەنکی بۆ زمانی عەرەبی دانا ناوی لێنا ( کتاب العین)، عەرەبەکان فەرهەنگی پر بەهایان بۆ زمانی عەرەبی نووسیوە ، بە تایبەتی بۆ وشە نامۆکانی ناو قورئانی پیروزە وشە هاوواتاکان (سینۆنیم)و ( فاموس المحیت) ی فەیرووز ئابادی حاشا هەلنەگرەبۆ ئەم بابەتە.

**تەوەری دووەم : مێژووی لێکسکۆگرافیای کوردی:**

لێکۆلینەوە چاوخشاندن لە مێژووی لیکسکۆگرافیای کوردی ،ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە،کە مێژووییەکی زۆر کۆنی نییە گەر بەراورد بکرێت لە گەل مێژووی لێکسکۆگرافیای میللەتانی تری جیهان.

کاری فەرهەنگ نووسی کوردی کارێکی هەروا کارێکی ئاسان و سووک نییە ، لەبەر ئەوەی کەشوهەواییکی لەبارنەبووە لە رووی رامیاری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی، بەلام لەبەر ئەوەی نەتەوەی ئێمە بە درێژایی مێژووی پر هەورازو نشێوی فێری خۆراگری و پارازتنی کەلتور بووە، فەرهەنگ نووسانی کوردیش لە نالەبارترین بارودۆخدا بە چەشنێکی نا ئاسایی و سەرسوورهێنەر توانیویانە هەولێکی پیرۆز و لە ماوەیەکی زۆر زۆر نا کۆمەلێک فەرهەنگ بە هەژدە زمان ئامادەو سازبدەن و تەمەنەکەشی ٣٥٠ سال تێپەڕ ناکات، لە گەل ئەمەشدا ژمارەیەک کۆشپ و تەگەرە لە پێش کاری فەرهەنگ نووسی کوردی هەیە و بەم شێوەیە:

أ-ـ کورد خاوەن دەولەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی نییە، خاوەن دەزگا ئەکادیمی وزانستی و زمانەوانی نییە، بۆیە لەو بوارەدا ناتوانێ، هەم کادیری ئەکادیمی پیبگەیەنێ، هەم بۆدجەیەکی باشی بۆ تەرخان بکات.

ب-ـ زمانی کوردی ، لە چەندین دیایکت و زارو شێوە زاری جیاواز پێکهاتووە، ئەمەش کۆسپە لە بەردەم زما نەوانان بۆ دانانی فەرهەنگ.

پ ـ-کاری فەرهەنگ ماوەی زۆری دەوێت و ئەم دەرفەتەش لە بواری زمانی کوردی لە ئارادا نییە.

ج-ـ لە بواری زمانەوانی، کادیری پسپۆر وشارەزامان کەمن لەگەل ئەمەشدا تاکۆ ئەمرۆ گەلێک فەرهەنگۆک و نامیلکەو پەرتووک و پاشکۆی کتێب بلاوکراوەتەوە و کاری فەرهەنگ نووسی هەنگاوی باشی برێوە و جێگا شانازییە.

لەم باسەدا رۆشنایی دەخرێتە سەر دوو جۆر فەرهەنگ ، یەکەمیان ئەو فەرهەنگانەی کە کورد زمان ئامادەیان کردووە و ئەمەش ژمارەیەکی یەکجار زۆرە ، بۆیە ناوی بەشێکی ئەو فەرهەنگانە دەکرێت کە تۆکمەو ناودارن و بنەمای زانستییان هەیە،دووەم ئەو فەرهەنگانەی کە گەریدەورۆژهەڵاتناسەکان و زمانەوانە بێگانەکان ئامادەیان کردووە و ئەمەش وەک جۆری یەکەم ژمارەیان زۆرە و تیشک بخەینە سەر بەشێکیان کە جێی باسە چونکە ئەمانەش زۆرن و بە گشتی باسی بەشێکی باشی فەرهەنگ دەکەین و تا ساڵانی ٢٠١٥ دەکەین بە پێی ئاگاداری و بەسەرکردنەوەی بەردەوامی بواری فەرهەنگ سازی کوردی .

**یەکەم:ئەو فەرهەنگانەی کورد زمان ئامادەیان کردووە:**

ژمارەیەک فەرهەنگی کوردی خراوەتە پێش چاو ، بەڵام هەموو فەرهەنگەکان نین ، لەبەر دوو هۆ ، یەکەمیان لە باسێکی  ئاوها ناکرێت سەرجەم بەرهەمەکان ریزبەند بکرین ، دووەمیان بەشێک لەو بەرهەمانە لە بەر دەست نەبوونە یان نەماون یان ئێمە دەستمان پێی نەگەیشتووە و سەرەرای ئەوەی لە ریزبەندی فەرهەنگەکان رەچاوی ریزبەندی مێژووییمان کرد، نەک گرنگ و پێگەی فەرهەنگەکە و ئەمەش بەشێکی ئەو فەرهەنگانەن بە پێی ریزبەندی ساڵی دەرچوونیان:

١-ـ فەرهەنگی نەوبەهارای ئەحمەدی خانی

فەرهەنگەکەی  (ئەحمەدی خانی )  شاعیری گەورەی کورد ، بە کۆنترین   فەرهەنگی کوردی لە قەلەم دەدرێت ، ئەم فەرهەنگە لە ساڵانی ١٦٨٢ــ-١٦٨٣ زایینی خانی دایرشتووە، فەرهەنگێکی کوردی عەرەبییە، بە شێوەی هونراوە بۆ منداڵانی کورد بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببن ، فەرهەنگەکە بە زۆر شێواز باس کراوە ( نەوبەهار،نەوبەهارا،نەوبەهارا بجووکان، نۆبەرە، نەو بەرە) (**خالد جميل محمد:٢٠٠٨:٦٤)**.

فەرهەنگی نەوبەهرا فەرهەنگرکی بجووک قەبارەیە ، ئەحمەدی خانی شاعیر ساڵی ١٠٩٤کۆچی١٦٨٣ زایینی کۆتایی بە دانانی هێناو بە زمانی عەرەبی کوردییە و شێوەی هونراوەی رەچاو کردووە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد بە ئاسانی لە بەری بکەن.

گەر هەڵوەستەیەک لە سەر ئەم فەرهەنگە بکەین ، ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە کە خانی شاعیر خاوەن هەستێکی نەتەوایەتی گەورەی هەیە و زۆر هەستیار بووە، ویستوویەتی لە رێگای ئەم فەرهەنگۆکەوە ، نیشانەی خۆی بپێکێت، یەکەم منداڵانی کوردی فیری زمانی عەرەبە ببن ، بۆ ئەوەی ئاستی هوشیارییان فراوانتر بێت چونکە ئەو ویستویەتی فیری عەرەبی ببن لەبەر ئەوەی لەو رۆژگارەدا سەرچاوەی ٚربوون وزانست کتێب و سەرچاوەی عەرەبییە و فیری زمانی عەرەبی واتا هوشیاری و ئاگابوونی دەوروبەر، دووەمیان منداڵانی کورد چاویان دەکرێتەوە و هەست بە بێبەشبوونی کورد لە مافە سەرەکییەکانی و ئەم بیرۆکەیەی خانی زۆر لە سەردەمی خۆی زۆتر بوو.

خانی شاعیر لەم فەرهەنگۆکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

((زوج رجل چ مێردوژن                    مرأە زوجەت و نسا


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

| | |
|---|---|
| والد باب  و والده دا | شقیق و اخ هەردوو برا |
| ابن کور  و بنت کەچ | سەهر خەزور ومامە عم |
| عمە  مەتە و عمامە شاش | جدە چییە خو پیرەدا |
| اجرە کرێ  رهن گەرەو | خسر  زیان کەزب درۆ)) |

فەرهەنگۆکە لە هەزار وشـەی عەرەبـی پێکهـاتووەو ٢١٦ دێڕ هـونراوەیەو بەمەش خزمەتێکـی باشی پێشکەش بە ئەدەب و زمانی کوردی کردووە.
ئیسـماعیل بایەزیـدی (١٦٥٤ــ-١٧٥٩)لە سـەر ریچـکەو تەرزی نەوبەهـارا فەرهەنگـۆکێکی سـێ زمانە( کوردی – فارسی – عەرەبی) بە ناوی ( گوڵعوزار)نووسی و پێی دەچێت ساڵی ١٨٦٤ نووسرابێتەوە))(سەیید عەبدوڵڵا سەمەدی:٢٠٠٢:٣)
٢-ــ فەرهەنگـی ( حواننـاسـییەکانی زمـان) ( بـدائع اللـغە) : سـەرەتای دامەزرانـدنی فەرهەنگـی کوردی جواناسییەکانی زمان فەرهەنگێکی کوردی – فارسییە ساڵی ١٨٦٧و علی اکبر وقائع بە فەرمانی فرهاد میرزای گەورەی شاری سنە ئامادەی کردووە و  میرزا علی اکبر دایناوە.
((فەرهەنگەکە ٢٣٠٠ وشە لە خۆ دەگرێت و ٣٣ ساڵ پێش فەرهەنگی (الهدیە الحمیدیە) دانراوە و زۆر وشـەی کـوردی بە فاسـی لێکـدراوەتەوەو بە ئەلفـوبێی عەرەبـی داڕێژراوە)(خالـد جمیـل محمد:٢٠٠٨:٥٧).
٣- ـ فەرهەنگۆکی (ئەحمەدی)
ساڵی ١٧٩٥ شێخ مارفی نۆدیی فەرهەنگۆکی (ئەحمەدی)داناوە، فەرهەنگێکی عەرەبی – کوردییە و بە شێوەی هونراوە رێکخراوە و دوو جار چاپکراوەتەوە
((ئەم فەرهەنگۆکەهەر لە سـاڵی ١٩٣٦دا دوو جـار لە چـاپ دراوە ، یەک لە سـلێمانی و دوول ە بەغدا(ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٧٦).
٤ـ  فەرهەنگی (الهدیە الحمیدیە فی اللغە الکردیە)
فەرهەنگێکـی کـوردی – عەرەبییە (یوسـف زائەدین پاشـای خالـدی مەقدسـی)لە سـاڵی ١٨٩٢لە ئەستانە چاپکراوەوجارێکی تر لە ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن محمد موکری لە بەیرووت چاپکراوەتەوە ،لە ٣٦٦ لاپەڕە پێکهاتووە .
٥-ـ لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٥-١٩٥٠ جۆرە سستی و لاوازی لە بواری فەرهەنگ نووسی وکاری لیکسکۆگرافیای کـوردی بەدی دەکرێت ، ئەمەش بە هـۆی بـارودۆخی نـاجێگیری کوردسـتان و باری دواکەوتوێی ژیـان و لەو مـاوەیەدا شـتێکی کەم هـاتە بەرهەم و لێرەدا رۆشـنایی دەخەینە سەر بەشێک لەو فەرهەنگ و پاشکۆیانە کە جێی سەرنجن و جێی بایەخن:
أـجەلادەت عالی بدرخان لە ساڵانی سییەکاندا لە بەشێکی تایبەتیگۆڤاری (هاوار) داو لیستێک بە زاراوەی رۆشنبیری و کۆمەلایەتیو سیاسی  بڵاوکردۆتەوە.
ب ـ عەلادین سەجادی لە گۆڤاری (نزار) کۆمەڵێک زاراوەی بڵاوکردۆتەوە.
پ-ـ شاکیر فەتاح لە ساڵی ١٩٣٤ فەرهەنگۆکێکی بڵاوکردۆتەوەز
ج-ـ رێوەر لە ساڵی ١٩٤١ فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی داناوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چ-ــ ئیسماعیل بایەزیدی بە چاولێکەری (نەوبەهار) ی خانی فەرهەنگۆکێکی سێ زمانی ( کوردی-فارسی – عەرەبی) بەناوی گوڵزار نووسی و بە یەکەم فەرهەنگی سێ زمانی کوردی دەژمێردرێت.

٦ــ-((گیو موکریانی دەستێکی باڵاو رۆڵێکی گەورەی لە دانانی فەرهەنگی کوردی بینیوە(ئەرەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٧٨).

گیو موکریانی ژمارەیەک فەرهەنگی داناوە و ئەمانەی خوارەوە پوختەی ئەوانەن:

أــ رابەر: فەرهەنگێکی قوتابخانەیی عەرەبی و کوردییە ، لەساڵی ١٩٥٠ لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر دەرچووە، نزیکەی ١٥ هەزار وشەی لە خۆ گرتووە.

ب-ـ کۆڵکە زێرینە : ساڵی ١٩٥٥ چاپکراوەو فەرهەنگێکی پێنج زمانییە(کوردی- عەرەبی-فارسی ، فەرەنسی، ئینگلیزی) و بەسەر ٥٩ بابەتی جیاواز دابەش کراوەو ساڵی ١٩٦٦جاری تر چاپکراوەتەوە.

پ-ـ مەهاباد : ساڵی ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە و فەرهەنگێکی کوردی– عەرەبییە و نزیکەی ٣٠ هەزار وشە ی لە خۆ دەگرێت،ساڵی ٢٠١٢ بە بەرگێکی نوێ لە هەولێر چاپکرایەوە.

ج -- کوردستان: فەرهەنگێکی تری گیو موکریانییە و فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبییە و ئەم فەرهەنگە لە رووی ژمارەی وشەکان و ئاستی زانستی لە فەرهەنگەکانی پێشووتر باشترە.

چ -–نۆبەرە: یەکێکە لە فەرهەنگەکانی خوالێخۆشبوو عەرەبی- کوردییەو ٢٥ وشەی گرتۆتە خۆ و ساڵی ١٩٨٦ چاپکراوە و تا ئەو کاتە دوو بەرگی رووناکی بینیوە.

تا ساڵی ١٩٦٠ فەرهەنگی کوردی – کوردی نەبووە ، مامۆستا گیو ساڵی ١٩٥٩ ئەم فەرهەنگەی ئامادەکردبوو بەڵام پاش ساڵانێکی زۆر چاپکرا.

٧ـ فەرهەنگۆک بۆ قوتابیان : ساڵی ١٩٥٥ لە لایەن د.عیزەدین مستەفا رەسول لە شاری بەغدا چاپکراوەو تایبەتە بە لێکدانەوەی وشەکانی کتێبی قوتابخانە بە زمانی کوردی وبو سەردەمی خۆی شتێکی گرنگ بوو .

٨-ــ فەرهەنگی مەردۆخ: فەرهەنگێکی کوردی –فارسی-عەرەبییە ، محمد مەردۆخ لە ساڵی ١٩٥٦ لە تاران بڵاوی کردۆتەوەو فەرهەنگێکی زۆر بە نرخ و بەهایایە وهەوڵ و تەقەلالای زۆری داوە تا ئەم کتێبە هاتۆتە بەرهەم ،((لە گەڵ ئەوەشدا کەم و کورتی و ناتەواوی تێدایە ، وەک ئەوەی هەندێ وشەی دروست کراو کەوتۆتە ناو فەرهەنگەکە، کە لە زمانی کوردی نین و لە گەڵ دەستووری زمانی کوردی ناگونجین، یاخود ژمارەیەک وشەی عەرەبی فارسی هێناوە و کورد بەکاری ناهێنن))(**سەیید عەبدوڵڵا سەمەدی:٢٠٠٢:٨**).

٩ـ فەرهەنگی خاڵ : یەکێکە لەو کار بەنرخ و گەورانەی فەرهەنگی کوردییە و تا ئێستا جێی بایەخ وکەڵکی خۆی هەیە، شێخ محندی خاڵ بە درێژایی ساڵانێکی زۆر هەوڵی داوە ، ئەو بەرهەمەی چاوی بە رۆشنایی بکەوێت و فەرهەنگەکە کوردی –کوردییە و سێ بەرگە و دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠١٠ هەر سێ بەرگەکە لە کتێبێکدا چاپی کردەوەو شێخ محمدی خاڵ بەرگی یەکەم و دووەمی لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦٤ چاپ کردووەو بەرگی یەکەمی(ئ-ج) و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دووەمی لە ساڵی ١٩٦٤(چ-ف) و سێیەم بەرگی (ق-ی) تیایە لە ساڵی ١٩٧٦ چاپکراو ٣- هەزار وشەی تیایەو کارە گرنگ و مەزنی فەرهەنگ نووسی کوردییە(فاروق علی عمر:٢٠٠٨:٢٤٠).

١٠-- فەرهەنگی زانستی: ساڵی ١٩٦٠ جەمال نەبەز فەرهەنگۆکی زاراوەی زانستی (کوردی-عەرەبی) بۆ قوتابیان داناو لە ساڵی ١٩٦١ بە هەمان تەرز بەشی دووەمی ئەم فەرهەنگۆکەی دەرکرد و سێ هەزار وشەی لە خۆ گرتووەو کارێکی باش بوو.

١١ــ دەستوورو فەرهەنگی کوردی – عەرەبی: لە ساڵی ١٩٦٢ لە لایەن عەلادین سەجادی چاپکراوەو کوردی- عەرەبی – فارسییە و وشەکان بە پێی بابەت و بەش دانراوە.

١٢-- فەرهەنگا کوردی : فەرهەنگێکی کوردی – کوردییە و مامۆستا جگەر خوێن لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا چاپی کردووەو دوو بەرگەو بە دیالیکتی کرمانجی باکوور نووسراوەولێکدانەوەی واتاکانیان بە هەمان زار و نزییکەی ٥٠ هەزار وشەی گرتۆتە خۆ.

١٣-- فە رهەنگی دوو ڕشتە: مەلا عەبولکەریمی مودەریس ئامادەی کردووەو لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری بەغدا چاپی کردووەو بە شێوەی هونراوە بووەو عەرەبی – کوردییە و مەبەست منداڵانی کورد فێری زمانی عەرەبی ببن.

١٤--فەرهەنگی زانیاری :عەبولقادر بەرزنجی لە ساڵی ١٩٧١ لە سلێمانی چاپی کردووەو ئەم بەرهەمە وەکوو ئینسکلۆپیدیایە نەک فەرهەنگ و ئەمەش یەکەم کاری لەو جۆرەیە لە کاری فەرهەنگ سازی کوردیداو عەرەبی-ئینگلیزی- کوردییە.

١٥ــــ- فەرهەنگا کوردی: موسا عەنتەر فەرهەنگێکی کوردی- تورکی لە ئەستەنبۆڵ چاپکردوئەمەش یەکەم فەرهەنگی کوردی – تورکییە و کوردییەکەی بە دیالیکتی کرمانجی باکوورەو ساڵی ١٩٦٧ لە چاپدراوەو١٠ هەزار وشەی لە ئامێز گرتووەو هوندێ سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە ١١ هەزر وشەی گرتۆتە خۆ(١٨)

١٦ــ فەرهەنگ کوردی: لە ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن م. مێهرداد ئەورەنگ فەرهەنگێکی کوردی-فارسی لە تاران چاپ کرا و شەش هەزار وشەی گرتۆتە خۆ و دوو بەرگەو کارێکی چاک و سەرکەوتووەو جێی خۆی لە کتێبخانەی کوردی کردۆتەوە.

١٧ــ فەرهەنگی کشتوکاڵی: ئەم فەرهەنگە لە ساڵی١٩٧٢ لە لایەن مارف قەرەداخی لە بەغد چاپکراوەو دوو بەرگەو ١٣هەزار وشەی گرتۆتەخۆو و کوردی – کوردییە و سەرجەم کەرەستەو شتومەکی چاندن و کشتوکاڵی تێدایە.

١٨- فەرهەنگی زاراوەی هەمە چەشن: کارێکی نایابو تۆکمەی کۆری زانیاری کوردە کە بە دوو لیست لە ساڵی ١٩٧٤ــ-١٩٧٥ بڵاوی کردۆتەوەوبە شێوەی فەرهەنگی کوردی- عەرەبی چاپکراوە.

١٩- فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی: سادق بەهادین ئامیدی لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا چاپی کردووەو ٢٥٠٠ ئیدیۆمی کوردی نووسیۆەو واتا و زمانا بە کوردی – کوردی- عەرەبی لێکداوەتەوە.

٢٠ــ فەرهەنگی زانیاری( قاموس الاعلام): بەرهەمێکی گەورەو مەزنە و عەرەبە کوردییەو ساڵی٩٧١ لە سلێمانی چاپکراوەو چاش ساڵێک فەرهەنگی زانیاری وێنەداریش چاپکراو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

عەرەبی- ئینگلیزی-كوردییەو پتر لە ١٤٠٠ وشەی زانستی تێدا نووسراوەو سالآنی هەشتاكان جارێكی تر لە سنە چاپكرایەوەوبۆ بواری خوێندن و توێژینەوەی زانستی زۆر بە كەڵك و بەنرخەو ئاوڕی لە ناوی ژمارەیەكی زۆر لە ناودارانی كورد و باسێكی كورت سەبارەت بە ژیاننامەیان .

٢١ـ قامووسی زمانی كوردی: فەرهەنگێكی كوردی – كوردییە و مامۆستا عەبولرەحمان محمد امین زەبیحی لە ساڵی ١٩٧٩  چاپی كردووەو دوو بەرگی لێ بڵاوكراوەتەوە (بەرگی پیتی أ وب )و كارەكە كۆتایی پێ نەهاتووەو تەرخان كراوە بۆ چەند باسێكی زمانەوانی ە فەرهەنگ نووسی و مێژووی زمان و لە بەغدا چاپكراوەو بە یەكێك لە هەنگاوە گەورەكانی فەرهەنگ نووسی كوردی دەژمێردرێت.

٢٢ـ فەرهەنگا ئێدیۆمی: ئەم بەرهەمە ساڵی ١٩٧٩ لە یەریڤانی روسیای جاران چاپكراوەو د. مەكسیمی خەمۆ بە لێكدانەوەی ژمارەیەكی زۆری ئیدیۆمی كوردی ئامادەكراوەو لە پێشەكی باسی لی مۆژووی ئیدیۆمی و ئەنجا واتای ئیدیۆمەكان بە كرمانجی باكوور و رووسی.

٢٣ـ فەرهەنگی ئەستێرە گەشە: كارێكی گەورەو بەنرخە لە مێژووی لێكسكۆگرافیای كوردی و مامۆستا فازڵ نیزامەدین لە ساڵی١٩٧٧ لە شاری بەغد بە چاپی گەیاندووەو ٢٠ هەزار وشەیەو كوردی – عەرەبییە وجێی وتنە هەمان نووسەر لە ساڵی ٢٠٠٩ فەرهەنگێكی تری بە ناوی (شیرین) چاپكردووەو ،بەلام ئەمەیان عەرەبی-كوردییە و ئەم دوو كارە كەلینێكی گەورەی لە كتێبخانەی فەرهەنگی كوردی پڕكردەوە، هەرچەندە دەبووایە ئەم كارانە ئەبدێت بكرانەیەوە و چونكە وشەی نوێباوو تازەی زۆر هاتۆنەتە ناو زمانی كوردییەوە

٢٤ـ فەرهەنگا كوردی- رووسی: فەرهەنگێكی كوردی(كرمانجی باكوور- رووسییە) و پ. قەناتی كوردییف وو ز. یۆسف لە ساڵی ١٩٨٣ لە یەكێتی سۆڤییەتی جاران بە چاپ گەیاندووەو ٧٥٢ لاپەرەو ٣٠ هەزرا وشەی تێدایەو كارێكی گەورەی كوردییە..

٢٥ـ فەرهەنگی ماد : سدیق بۆرەكەیی فەرهەنگێكی كوردی – فارسی نووسێوەو دوو بەرگی لێ دەرچووەو ١٩٨٢-١٩٩٠وحەفتا لاپەڕەی یەكەمی تەرخان كراوە بۆ هەندێك باسی زمانەوانی و رێزمانیو ٦٠٠٠هەزار وشەی تێدا تۆماركراوە.

٢٦ـ-فەرهەنگی  هەنبانە بۆرینە: كارێكی تۆكمە وبەنرخەو تا ئێستا كارێ وەك ئەم فەرهەنگە نەكراوەو هەوڵی دەیان ساڵەی مامۆستا هەژار موكریانییە و فەرهەنگەكە كوردی- كوردی- فارسییە و سەرەرای ماناوواتای وشەكان لێكدراوەتەوە و زۆر جاریش ئاوڕی لە ئەركی لیكسیمەكان وەكوو ناو وكار و ئاوەڵناو وئاوەڵكاداوەتەوەو ساڵی ١٩٩٠ لە تاران چاپكراوەوپتر لە ٦٥ هەزار وشەی كوردی لە توێ ١٠٣٥ لاپەرەدا گرتۆتە خۆ ، خوالێخوشبوو بە ئاشنایی و شارەزایی و گەرانی بە نێو گشت پارچەكانی كوردستان و شارەزایی لی زاراوەو دیالیكتەكانی زمانی كوردی فەرهەنگەكە زۆر دەوڵەمەندكردووەو لە لێكدانەوی وشەكان و مانا واتاكانیان زۆر سەركەوتوو بووەو سەرەتا باسی لە رێنووس و گرفتەكانی كردووەو دووەم چاپی لە ساڵی ١٩٩٨ لە تاران كراوەو بەلام ئەوەوی جێی سەرنجە نە لە چاپی دووەم و نە لە پاشاندا


e-ISSN (2522-7130)                p-ISSN (2410-1036)

ئاوڕ لە نوێکردنەوە و ئەبدیت کردنەوەی ئەم فەرهەنگە نەدراوە بۆ ئەوەی ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەی بە سەر زمانی کوردیدا لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تا ئێستاکە بخرێتە ناو فەرهەنگەکەو ئەوەندەی تری دەوڵەمەندو سوودبەخشی بکات، بەڵام ئەمە لە ئاستی بەرزو باڵای ئەم کارە کەم ناکاتەوە.

٢٧ـ- فەرهەنگی زەبیحی:

ئەم فەرهەنگە لە ساڵی ١٩٧٧ لە بەغدا چاپکراوە و فەرهەنگێکی کوردی-کوردییەو بە دوو بەرگ بڵاو کراوەتەوەو٤٦٦ لاپەڕەیە و لە ئامادەکردنی م. عەبدولرەحمان زەبیحییەو دوو بەرگی لێ چاپکراوە.

٢٨ـ-فەرهەنگی فوئاد :

ئەم فەرهەنگە دوو بەرگە و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری سلێمانی هاتۆتە بەرهەم ،یەکەم بەرگی جووت زمانە بە زمانی کوردی – ئینگلیزی ودووەم بەرگی بە هەمان تەرز جووت زمانە بەڵام بە پێچەوانەی بەرگی پێشوو بە زمانی ئینگیزی – کوردییە وئەمەش تا رادەیەک بابەتێکی نیمچە تازەیە لە بواری فەرهەنگ نووسی کوردی ، کاتیک خۆی م. فازڵ نیزامەدین فەرهەنگی ( ئەستێرە گەشە)ی دانا کوردی – عەرەبی بوو، دوای ساڵانێکی دوورو درێژ فەرهەنگی (شیرین) ی چاپکرد ، بە پێچەوانەی بەرهەمی پێشووی بوو ، ئەویش عەرەبی – کوردی بوو، جێی سەرنجە فەرهەنگی (فوئاد) هەردوو بەرگەکەی لە یەک کاتدا هاتە بەرهەم ، ناوی فەرهەنگەکە بە ناوی حاوەنەکەی ناونراوە( فوئاد رەشید بەکر).

٢٩ـ فەرهەنگا مەرگ و ژی:ئەم فەرهەنگە مەلا خەلیل مشەختی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە هەولێر دا چاپی کردووەوو ٥٦٠ لەپەرەیەو فەرهەنگەکە کوردی- کوردییە بە واتای( مەرگ و ژیان)،سەرەتا باسێکی سەبارەت بە گرنگی دانانی فەرهەنگ وئەنجا ژمارەیەک ناوی فەرهەنگی کوردی خستۆتە بەرچاو(**مەلا جلیل مشەختی:١٣:٢٠٠٧**.

لە پێشەکی فەرهەنگەکە دەڵێت ((ئەم فەرهەنگەم لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئامادەکردووەو مەبەستم رزگارکردنی وشەو یەکەکانی زمان لە فەوتان و لە ناوچوون و پاشان سەردانی تارانم کرد و چاوم بە هەژار موکریانی کەوت و داوای لێکردم کە فەرهەنگەکە ببینێت منیش دایمی و سوودی لێ وەرگرت و پاشان بۆمی گەراندەوە و ئامۆژگاری کردم کە پارێزگاری لێبکەم و لەناونەچێت ، ئەگەر مرۆڤ بمرێت ئەوا وشەکان نامرن))(**مەلا جلیل مشەختی:١٣:٢٠٠٧**.

لە سەرەتای پێشەکی فەرهەنگەکە باسی زارە کوردییەکان وشێوە زارو بن زارو دەنگە کوردییەکان و چۆنیەتی نووسینی دەنگەکان بە پیتی عەرەبی و لاتینی و ئاماژەی بەوە کردووە ، کە ٤٩٠ وشە هەن کە لە زمانی کوردی و زەردەشتی و ئاویستایی هاوواتان، ((فەرهەنگەکە نرخ و بایەخی خۆی هەیە هەرچەندە لە ناتەواوی و کەم وکوری بێ بەش نییە، وەک ئەوەی لە پێشەکی زۆر بابەتی باس کردووە ، کەچی لە ناواختن ئاماچەی بۆ نەکردووە و سەرەرای هەڵەی رێنووسی و چاپەمەنی)).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣٠ـ فەرهەنگی دەریا:
ئەم فەرهەنگە بە زمانی عەرەبی – كوردییە و رزگار كەریم ئامادەی كردووەو لە ساڵی ٢٠٠٦ لە تاران چاپكراوەو دوو بەرگە و زۆر لێكدانەوەی بۆ وشە عەرەبییەكان بە زمانی كوردی كردووە.
٣١ـ فەرهەنگی شارا:
فەرهەنگێكی عەرەبی – كوردییە و ساڵی ٢٠٠٧ لە سلێمانی بە چاپ گەیاندراوە و لە لایەن عەبدوڵڵا جەبارەوە ئامادەكراوەو بەرهەمێكی تۆكمە و بە پێزە و بنەمای زانستی لە بەرهەمەكە رەچاو كراوە.
جێی سەرنجە زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی لە كوردستانی باشوور ئامادەكراون بە زمانی كوردی و عەرەبییە و ئەمەش شاراوە نییە كە ئەم دوو زمانە زمانی فەرمین و سەرەرای شارەزای نووسەر و رۆشنبیران لە هەردوو زمانەكەو كەمتر لە زمانانی تر.
٣٢ـ فەرهەنگی ئاریانۋاج :
فەرهەنگێكی زۆر بە كەڵك و سوودە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە نێو فەرهەنگەكانی زمانی كوردی و ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری هەولێر چاپكراوەو سێ بەرگە و وشەكانی بە زمانی كوردی كۆن بەرانبەر بە لێكدانەوەی ماناكانی بە وشەكانی زمانی كوردی نوێ و لە ئامادەسازی د. هەورامانییە.
٣٣ـ فەرهەنگی تریفە:
فەرهەنگێكی كوردی-عەرەبی – ئینگلیزییە و ساڵی ٢٠٠٨ لە وڵاتی لوبنان چاپكراوەو بەرێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی لە بەغدا بە بەشداری ژمارەیەك مامۆستا ئامادەكراوەو تایبەتە بە قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی.
٣٤ـ فەرهەنگا كرمانجی :
فەرهەنگیكی كوردی(كورمانجی ژووروو)- كوردی(كورمانجی خواروو) – عەرەبییە و لە ئامادەكردنی عایشە محمد علی محمد ساڵحە و ساڵی ٢٠٠٨ لە هەولێر بە چاپ گەیاندراوەو وشەكان بە زاری كورمانجی سەروو دانراوەو بەرانبەرەكەشی بە كورمانجی خواروو لێكدراوەتەوەو ئەنجا واتاكەی بە زمانی عەرەبی.
٣٥ـ فەرهەنگی(میدیا): د. ئەورەحمانی حاجی مارف ئامادەی كردووە و فەرهەنگێكی كوردی-كوردییەو ساڵی ٢٠١١ چاپكراوە پاش كۆچی دوایی مامۆستای خوالێخۆشبوو، لەم فەرهەنگەدا هەوڵی داوە وشەی كوردی گشت شێوەكانی كوردی وهەموو ناوچەكانی كوردەواری كۆبكاتەوەو لە نێو ئەم فەرهەنگەدا تۆماری بكاتو ژمارەی وشەكانی نزیكەی ١٠٠هەزار وشەیەك دەبێت.
٣٦ـفەرهەنگی زمان و زاراوەی كوردی:
ئەم بەرهەمە توێژینەوەیەكی زانستییە ، لە گەڵ ئەوەشدا لێكدانەوەیەكی رێزمانی و بنج و ریشەی ژمارەیەك زۆر لە زاراوەكانی زمانی كوردی خستۆتە بەرچاو ، مانا واتاكانی روون

کردۆتەوە،هەروەها لایەنی واتاسازی زاراوەکانی کۆڵییەوەتەوە، رۆژان نووری عەبدوڵڵا ساڵی ٢٠١٣ لە سایمانی چاپی کردووە.

**دووەم : ئەو فەرهەنگانەی بێگانە ئامادەیان کردووە:**

ژمــارەیەکی بەرچــاو لە فەرهەنــگ لە لایەن نووســەر و رۆژهەڵاتنــاس و زانــای بێگــانە ئامادەکراون ، کە بە نیازی سیخوڕیتی بۆ وڵاتەکەیان ، یان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی خۆیان یان بۆ زانستی سەردانیتی کوردستانیان کردووە و لە پاڵ کارە سەرەکییەکەیان ئەم بەرهەمانەیان چاپکردووە و بە پێی مێژوو:

١ـ فەرهەنگی ماوریزۆ کارزۆنی: قەشەیەیەکی ئیتاڵیایی بوو،ساڵی ١٧٨٧ هاتە کوردستان و لە پاشبەندی کتێبی (کورتەی رێزمانی کوردی) فەرهەنگۆکێکی ئیتاڵی-کوردی بە رێژەی ٥هەزار وشە لە رۆما چاپی کرد ، یەکەم فەرهەنگی کوردییە لە لایەن بێگانەیەک ئامادە دەکرێت.

٢ـ فەرهەنگی پیتەر لیرخ: فەرهەنگێکی کوردی (زازایی) – رووسییە لە ساڵی ١٨٥٨ لە یەریڤان چاپکراوە.

٣ـ فەرهەنگی ژاک وێ مۆرگان :ساڵی ١٩٠٤ کتێبێکی سەبارەت بە تیۆرەکانی زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوەو تیایدا باسی شێوەوزارەکانی زمانی کوردی( مۆکری- گەرووسی- بایەزیدی- کرماشانی- هەورامانی- جاف – سلێمانی –لەکی- خوجەوەندی) کردووەو وشە کوردییەکان بە زمانی فەرەنسی راڤە کراون.

٤ـ فەرهەنگی سۆن: لە ساڵی ١٩٢٣ لە لەندەن لە لایەن میجەر سۆنەوە چاپکرا و پاشکۆی کتێبی رێزمانی کوردییە و اشکۆکەفەرهەنگێکی ئینگلیزی – کوردییە.

٥ـ فەرهەنگە مستەفا ئیلخانی زادە: ساڵی ١٩٨٣ کتێبێکی قەوارە بچووک بۆ فێرکردنی زمانی کوردی و لە ٨٠٠ لاپەڕە بە زمانی کوردی- فارسی نووسراوە (خالد جمیل محمد ٢٠٠٨:٢٣٠).

**ئەنجـــــــام:**

١ـ فەرهەنگ گەنجینەیەکی گەورەو بەنرخە بۆ نەوەی ئەمرۆ و ئایندە.

٢ـ سەرجەم یەکەو وشەو لیکسیمەکانی زمان لە خۆ دەگرێو فەرهەنگی زانستی و تۆکمە ئەو جۆرە فەرهەنگانەن کە هەموو وشەکانی زمان لە خۆ دەگرێت.

٣ـ وشەکانی زمان لە فەوتان و لەناوچوون رزگار دەکات ، وشە هەرچی بەسەر بێت ، ئەگەر بچێتە خانەی مردنەوە ئەوا لە فەرهەنگ دەمینێت و دەپارێزری .

٤ـ سوودو کەڵکی زۆری هەیەو لەوانەش واتای وشە لێڵ و نامۆ و تەماوییەکان شرۆفە دەکات و لێکیان دەداتەوە و برەو بە زمان دەدات بۆ بەرەو پێشەوەچوون .

٥ـ سەرچاوەیەکی گرنگ و زەخیرەیەکی باش و چاکی زمانە و هەمیشە زمان دەوڵەمەند دەکات لە رێگای وشەی نوێباو تازە و سەرچاوەی وشەی هاوواتا و نوێباو ە و لە هەمان کاتدا وشەی هاوبێژو هاوواتا و زرەرێژ دەخاتە روو.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٦ـ سەرچاوەیەکی رەسەنە بۆ فێربوونی زمان و راست نووسین و کەڵک وەرگرتن لە زانیاری و زانستەکان سەبارەت بە وشە و ئێتیمۆلۆژی وشە.
٧ـ زمان چەند گەشەو پێش بکەوێت ، ئەوەندە فەرهەنگ گەشە و دەوڵەمەند دەبێ.
٨ـــ سـەرچاوەیەکی رەســەن و گـرنگە بـۆ زانیـاری کـۆکردنەوە لە بـارەی مێـژووی زمـان وقۆناخەکانی پێشکەوتنی و نەشونماکردنی و زۆر زانیاری تر.

## سەرچاوەکان:


- **بە زمانی کـــــــوردی:**

(١) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی،بەغدا، ١٩٧٥.
(٢) رۆژان نووری عەبدوللا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، سلێمانی، ٢٠١٣.
(٣)سەییدعەبدوللاسەمەدی،بەسـەرکردنەوەی مێـژووی٣٢٠سـاڵەی فەرهەنگنووسـی کـوردی' گۆڤاری سروە،٢٠٠٢.
(٤) د. شهاب شێخ تەییب، دەربارەی زمانەوانی، هەولێر، ٢٠١٤ .
(٥)- د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، لێکسیکۆلۆژی، هەولێر، ٢٠١٤.
(٦)- د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، لیکسیکۆلۆژی، هەولێر، ٢٠٠٨ .
(٧)د.مـارف خەزنەدار، فەرهەنگـی مەهابـاد، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کوردسـتان، ژ٦، هەولێـر، ٢٠٠٧ .
(٨)د.محمد مەحوی،وشەنامە و فەرهەنگ، سلێمانی, ٢٠٠١.
(٩) ملا خەلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی، هەولیر، ٢٠٠٧.
(١٠) د. فاروق عمر سدیق، فەرهەنگی خاڵ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(٢٩)، سلێمانی، ٢٠٠٨.
(١١)گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ(١٩)، هەولێر،٢٠٠١.
(١٢) د.نەریمان عەبدوللا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، هەولێر، ٢٠١٦.
(١٣) وەسفی حەسەن، بیبلۆگرافیا فەرهەنگیت کوردی، گۆڤاری نووسـەری نوێ، ژمار(١٩٥ )ی، هەولێر, ٢٠٠١.

**ب ـ بە زمانی عەرەبـــــــــــــــی:**

(١٤) د. أحمد محمد المعتوق، المعاجم اللغویە العربیە، زەهران، السعودیە.
(١٥) د.أمیل بدیع یعقوب،المعجم اللغوی العربی، لبنان، ١٩٨١.
(١٦) د. حوسین نەسار، المعجم العربی، القاهرە، ١٩٨٦.
(١٧) خالد جمیل محمد، من قچایا المعجمیە الکردیە،دمشق،٢٠٠٦.
(١٨) محمد بن مکرم الافریقی، لسان العرب المحیگ ، القاهرە،١٩٨٤.
(١٩) علی محمد القاسمی، علم اللغە وصناعە المعجم،ریاچ ، السعودیە، ١٩٧٥.

**پ – فەرهەنگـــــــــــەکان:**

(٢٠) ژمارەیەک فەرهەنگ و لێکسیکاڵی کوردی.

## ملخص البحث

البحث الموضوع هو ثمرة جهود مدة من الزمن تم خلاله التدقيق والتمحيص والمتابعة في العشرات من المعاجم والقواميس الكوردية المنشورة منذ العقد الماضي وحتى ايامنا هذا، وقد قمنا بدراسة وتحقيق انواع المعاجم والموسوعات من حيث الشكل والحجم والنوع واللغات الذي تم نشره فيه، وفي بداية البحث تم القاء الضوء على التعريف بمفهوم المعجم تعريفا ومصطلحا والتعمق في مفهومها واختلاف القاموس عن الموسوعة والبحث في اصولها وتأريخها.

البحث قسمت الى ثلاثة اقسام ، يتناول القسم الأول في دراسة مفهوم القاموس والمعجم والبحث في تأليف اول معجم في تأريخ الشعوب والأقوام ، حيث كان الصينيون والهنود والأشوريين من السباقيين في هذا المضمار.

اما في القسم الثاني فقدتم القاء الضوء على انواع المعاجم من حيث الحجم وعدد صفحاته وكلماته ومن حيث اللغة حيث هناك معاجم احادي اللغة وثنائي اللغة وثلاثي اللغة وهناك نوع آخر من حيث الموضوع، فهناك معاجم عامة وشاملة ويوجد معاجم تخص الطب او الزراعة او الاعلام وغيرها .

وفي القسم او الفصل الثالث تم التطرق الى تأريخ نشأة المعاجم والقواميس وبعدها تم التعرج الى موضوع تأريخ المعاجم الكوردية منذ نشأة اول قاموس كوردي على يد الشاعر احمدي خاني مرورآ بعدة حقب من الزمن حتى يومنا هذا وفي ختام القسم تم درج اسماء عدد لا بأس من المعاجم الكوردية والمحكمة علمياً .



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

Dictionary and General Dictionary and Kurdish Dictionary.

The topic is the fruit of the efforts of a period of time during which the scrutiny and scrutiny and follow-up in dozens of dictionaries and dictionaries published since the last decade and even today, we have studied and investigated the types of dictionaries and encyclopedias in terms of form, size, type and languages, which was published, Highlight the definition of the concept of lexicon definition and terminology and deepen the concept and the difference of the dictionary on the Encyclopedia and research in the origins and history .

The research is divided into three sections. The first section deals with the study of the concept of dictionary, dictionary and research in the creation of the first lexicon in the history of peoples and peoples. Chinese, Indians and Assyrians were among the pioneers in this field.

As for the second section, it is possible to shed light on the types of dictionaries in terms of size, number of pages and words, and in terms of language, where there are monograms of language, bilingual and trilingual. There is another type of subject. There are general and comprehensive dictionaries and there are dictionaries related to medicine, agriculture or media.

In the third or third chapter, the history of the dictionaries and dictionaries was discussed. The history of the Kurdish dictionaries was then moved to the subject of the history of the Kurdish dictionaries since the beginning of the first Kurdish dictionary by the poet Ahmadi Khani, passing through several periods until the present day. The Court is scientific.

In addition to the three sections there are the results we have reached then a list of sources in addition to the summary of this research in Arabic and God conciliator.



e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)